## ئاوڕدانەوەیەک لە یاری زانە دێرینەکان ... یاریزان و ڕاهێنەر و ناوبژیوانی نێو دەوڵەتی (شاخەوان)

ئەنوەر * کاك شاخەوان سلاو، ئەگەر بكرێت كورتە باسێكی وەرزشی خۆتمان بۆ باس بكەیت.
شاخەوان... من ناوم شاخەوان كەریم ئاكۆییە لە ساڵی 1964 لە شاری قەڵاو منارە لە دایك بووم. لە خێزانێكی شۆڕشگێڕ پەروەردە بووە زۆربەی كات ئازارمان چێشتوە بە دەست حكومەتی بەعسی ڕوخاو چونكە هیچ كاتێك نە خۆم و نە بنەماڵەكەم ملمان كەچ نە كردووە بۆ ڕژێم، لە هەموو سەردەمێكدا بەشداری یا پشتگیری شۆڕشی كوردیمان كردووە.

ئەنوەر * لە كەیدا خولیای وەرزش بوویت یان كەی دەستت كردووە بە وەرزش؟
شاخەوان... هەر لەسەردەمی لاو یێتیمدا وەك زۆربەی منداڵ خولیای وەرزش بووم وەك یاری گۆڕەپان. لە قوتابخانەی سەرەتایدا بەشداری چالاكیەكانی قوتابخانەم كردووە،لە هەمان كاتدا خولیای یاری كاراتی بووم زۆربەی كات مەشقم دەكرد بەبێ ڕاهێنەر زۆر كاتیش تەماشای فلیمە كاراتیەكانم دەكرد.
چەند برادەرێكم هەبوو لەوكاتەدا كە ئەونیش وەك من عەشقی یاری كاراتی بوون بڕیارماندا كە بە جدی بكەوینە مەشق كردن لای ڕاهێنەركە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆسالانی 1981 لای مامۆستای ڕاهێنەر بەڕێزمامۆستا جەمال مەحەمەد ڕەحیم كە خۆشی یەكێك بوو لە قوتانیەكانی مامۆستا (تاكە هاشی) ی یابانی لەو سەردەمەدا ئێمە یەكەم گروپی یاری كاراتی بووین لەشاری هەلێر،واتە یاریەكی نۆێ بوو ئەنوەر * دوای ئەوەی لای ڕاهێنەر دەستان كرد بە مەشق كردن بە شداری چ خولێكتان كردووە؟
شاخەوان... بەشداری زۆربەی خولەكانی كوردستان و عێراق مان كردووە ئەنجامی باشیشمان بەدەست هێناوە بەلام هەرچەندە زروفی كوردستان و عێراقیش بەرەو خراپی دەڕۆیشت ئێمە كۆڵمان نەدا لە یاری و مەشقكردن وە زۆر یاری زانی بەتوانای تریش هاتنە ناو یانەكەمانەوە بۆ بەشداری كردنیان لە و وەرزشە.

ئەنوەر * لە كەیدا وازت لە وەرزش هێناوە یان تاكەی بەردەوام بوویت؟
شاخەوان... من تا لە ژیاندا بم واز لە وەرزش نایەنم، تا ساڵی 1995 بەردەوام بووم لە كوردستان پاشان
بەهۆی زروفی كوردستان نەم توانی بمێنمەوە لەبەر ئەوە بڕیارم دا ڕووبكەمە هەندەران و لە وولاتی هۆڵەندا نشتەجێ بووم ساڵی 1995، زۆری نەخایاند دەستم كردەوە بە مەشق كردن هەرچەندە زمانیشم باش نەدەزانی بەلام گوێم نەدایە و بەردەوام بووم تاوام لێهات توانیم ببم بە ڕاهێنەری لاوانی یانەكە، لە ڕێگای یانەكەو بەشداری زۆر خولی ناوبژوانیم بینیوە لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی كە بەشداری زۆر خولی جیهانیم كردووە وەك ناوبژی وانی نێودەوڵەتی.

ئەنوەر * چەند پشتوێنی كاراتیت وەرگرتوە وئەندامی چ كۆمەڵەیەكی كاراتیت؟
شاخەوان... 3 پشتوێنی ڕەشم هەیە و كاندیش كراوم بۆپشتوێنی چوارەم وئەندامی كۆمەڵەی كاراتی یابانی و

هۆڵەندی و جیهانیم، ئەندامێکی باوەڕ پێکراوم لای یەکێتی کاراتی جیهانی.

ئەنوەر * ئامادەیت یارمەتی یاری زانانی کوردستان بدەیت وە چۆن؟
شاخەوان... بەڵی، هەموو کات من شانازی دەکەم بە کورد بوونم خۆم جیاناکەمەوە لە هیچ فەردێکی کوردستان کەی پێوویستیان بە من بێت بەسەر چاو دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ خزمەت کردنی وولاتەکەم بەردەوامیش پەیوەندیم هەیە بە یەکێتی کاراتی کوردستان داواشم لێکردوون کەوا گروپێکی کاراتی بێن بۆ هۆڵەندا بۆ یاری کردن و مەشق کردن من ئامادەم گشت یارمەتیکیان بدەم.

ئەنوەر * دوا پرسیار لەچەند وولاتی ئەوروپی یان لە چەند خولی جیهانی بەشداریتان کردووە؟
شاخەوان... لە زۆربەی وولاتانی ئەوروپی وخولە جیهانیەکاندا بەشداریم کردووە وەك ناو بژی وان

ئەنوەر * دوا ووشەت چییە بۆ وەرزشکاران؟
شاخەوان... هیوادارم گشت وەرزشکارێك گوێڕایەڵی ڕاهێنەر بێت و هیچ جۆرە دەرمانێك بەکار نەهێنرێت بۆ بەهێز کردنی ماسولکەکانی لەش.
ئەنوەر * لە کۆتایدا زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەین بۆ ئەم دەرفەتە ی کە پێتان داین کە توانیمان ئەم چاوپێکەوتنە ساز بدەینبە لەگەڵتاندا بە ڕێگای کۆمپیتەر، تەمەن درێژو سەرکەوتووبن لە ژیاندا، نموونەشتان هەر زۆر بێت.

ئەنوەر خەراجیانی
پەیامنێری کوردستان نێت
anwar@malmo2. net




5 6 2005


ROTTERDAM
SPORTJAAR
2005
1 2
1 2
8



لە مێژووی کوردا یەکەم کوردە توانیوێتی بەشداری ناوبژیوانی ئەوروپی و جیهانی بکات لە یاری کاراتی دا